# فێرخوازانی قەڵای نوێ لەنێوان ویستی فێربوون و دووری ڕێگەدا

**قەڵای نوێ** یەکێکە لەگەڕەکە تازەکان و دەکەویتە سنوری جوگرافی قەزای بنەسڵاوە بەلای رۆژهەڵاتەوە. ساڵی رابردوو نیاتنراوە، هەشت سەد خێزانی تێدا نیشتەجێیە.

دانیشتوانی قەڵای نوێ راگوزراوانی ناو گەڕەکی قەڵای شاری هەولێرن کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردیستانەوە بەپارچەیەک زەوی و بڕی (4000) دۆلار قەربوو کرابوونەوە.

لەگەڕەکی قەڵای نوێدا زیاتر لە (1700) فێرخوازی هەرسێ قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەیە، هەروەک مامۆستا **عەبدولعەزیز عەدۆ** بەڕیوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێر دەڵێ ساڵی رابردوو ئاسانکاری زۆرمان کرد بۆ ئەوەی فێرخوازان لە خوێندن دانە بڕین، هەروەها لەسەر بڕیاری پارێزگاری هەولێر فێرگەیەکی سەرەتایی و فێرگەیەکی ناوەندی و دواناوەندی بۆ گەڕەکەکە دەرچوو، ئێستا لە قۆناغی تەواو بووندان.

دەربارەی هەوڵەکانی پەروەردەی دەشتی هەولێر بۆ دابین کردنی پاس بۆ هاتوچۆی فێرخوازانی گەڕەکی قەڵای نوێ بەڕێز عەبدولعەزیز عەدۆ دەڵێ: هەوڵی زۆرمانداوە، بۆ دابین کردنی گاز چووینەتە لای پارێزگاری هەولێر چونکە ئێمە پاسمان هەیە، پارێزگاری هەولێر نووسراوی بۆکردین بۆ وەرگرتنی گاز، بەڵام بەداخەوە لە کۆگەی سوتەمەنی هەولێردا پێییان گوتین نیە.

بۆ ئاگادار بوون و چۆنیەتی بەرێوەچوونی کارەکانی پرۆژەی فێرگەکان کاک **کەیفی عەبدوڵلا** سەرپەرشتیار لە کۆمپانیای ئاری جێبەجێکاری فێرگە کە تیمی زەیتونی ولاتی کۆریا ئەنجامی دەدردات، دەڵێ: بەگوێرەی بۆندەکە دەبێت لە 15/ 12/ 2007 بیدەینەوە دەست کۆریەکان، ئێستا(80%)ی کارەکانی تەواو بووە کە دراوە بەتیمی زەیتونی کۆرییەکان ئەوانیش کاری خۆیانیان هەیە بۆ تەواو کردنی پڕۆژەکە.

دەربارەی گرفتی هاتوچۆی فێرخوازانی گەڕەکی قەڵای نوێ بۆ فێرگەکانی شارۆچکەی بنەسڵاوە کە نزیکەی(5) کم دورە، فێرخواز **گوڵستان عەبدوڵلا** کە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی دەخوێنێ، وت: دایکم بەزۆر بۆ فێرگە رەوانەم دەکات، راستیەکەی بەهۆی دووری ڕێگەوە من توانام نیە و ئەگەر پەرۆشیم بۆ خوێندنەکەم نەبی، ناتوانم چیتر درێژە بە خوێندن بدەم، چونکە رۆژانە چەند کاتژمێرێک بەپێ دەڕۆم تا دەچمە فێرگەو دێمەوە.

**هێمن خالید** فێرخوازی پۆلی سێیەمی ناوەندی، دەربارەی چۆنیەتی هاتوچۆکردن بۆ فیرگە گوتی: من لێرەوە بەپێ بۆ فێرگە دەڕۆم، ڕێگەکەش زۆر دوورە، ئەگەر لەلایەن حکومەتەوە چارەیەکمان بۆ نەکرێت لەوانەیە نەتوانم درێژە بە خوێندن بدەم، بەداخەوە مافی ئەوەشمان نیە قسە بکەین، چونکە یاریدەری فێرگەی شارستانی لە بنەسڵاوە چەندین جار پێی گوتین ئەگەر قسە بکەن و گازاندە بکەن ئەوە دەرتان دەکەم!!

فێرخوازانی گەڕەکی قەڵای نوێ چونکە پەرۆشی خوێندن و داهاتووی خۆیانن بۆیە زۆربەیان پاسکیلیان کڕیوەو دەیانەوی هاتوچۆی پێبکەن، لەم بارەیەوە **دڵشاد کەریم** فێرخوازی پۆلی سێیەمی ناوەندی دەڵێ: بۆئەوەی لە خوێندن دانەبڕیم پاسکلم کڕیوە، راستیەکەی ئێمە نزیکەی بیست فێرخواز دەبین کە پاسکلمان کڕیوە، بەڵام وەرزی زستان بە پاسکیل هاتوچۆ ناکرێ و ناتوانین بەمجۆرە درێژەی پێبدەین، چونکەئەگەر فێرگەکان پێش وەرزی زستان بۆ تەواو نەکرێن یان پاسمان بۆ دابین نەکەن رەنگە فێرخوازێکی زۆر لە خوێندن دادەبڕێن.

**شیلان عەلی** فێرخوازی پۆلی سێیەمی ناوەندی باسی شەکەتی رۆژانەی خۆی کردو گوتی: رۆژانە کاتژمێر شەشی بەیانی لەخەو هەڵدەستم تافریای خوێندن بکەوم، بەڵام زۆر جاری واهەیە کە دەگمە فێرگە وانەی یەکەم تەواو بووە. هەروەها نازەنین گوتی: باوکم نەماوە، دایکم کارگوزارە، ئێمە دوو خوشکین ئیمکانیاتمان نیە ئۆتۆمبێل بەکرێ بگرین، هیوادارم یان پاسمان بۆ بگرن یان بەر لەهاتنی وەرزی زستان فێرگەکانمان بۆ تەواو بکەن، چونکە لەوەرزی زستان ناتوانم ئەو ڕێگە دوورە بە پێێ ببڕم بەمەش لە خوێندن دادەبڕێم، بەمەش زۆر دڵگرانم.

بۆ بەدواداچوونی زیاتر سەردانی فێرگەی قەڵای نوێیسەرەتایی تێکەڵومان کرد کە لەباڵەخانەی فیرگەی(ئاکام)ی سەرەتایی لە شارۆچکەی بنەسڵاوە دا دەوام دەکەن کە ژمارەیان نزیکەی شەش سەد فێرخواز دەبێ، وێڕای نەبوونی مامۆستای وانەبێژ کە تەنیا(3) مامۆستایان هەیە، فێرخوازەکان بەگشتی باسیان لەشەو گرفتی خۆیان کرد کە زۆرینەیان بەپێ هاتوو چۆ دەکەن، ئەو ڕێگە دوورە پڕ مەترسیە دەبڕن، هەندێکیشیان بۆ هاتوچۆ ئۆتۆمبێلیان گرتووە کە هەر دە فێرخواز بە ئۆتۆمبێلێکی ساڵۆن هاتوچۆ دەکەن، مانگانەش بڕی سێ هەزار دینار دەدەن، مامۆستا **فەلاح حەسەن** بەڕێوەبەری فێرگەی قەڵای نوێی سەرەتایی تێکەڵاو تیشکی خستە سەرکەموکوڕییەکانی فێرگەکە، وێڕای نەبوونی مامۆستای میلاک ئەو گوتی: لە پەرتوک و پەراوگە پشکمان نەبوو، بەڵام بەهەوڵی ریش سپی و پەروەردەی دەشتی هەولێر توانیمان پەرتوک و پەراوگە دابین بکەین.

سەبارەت بە گرفتی هاتوچۆ بەڕێوەبەری فێرگەکە گوتی: بۆ دابین کردنی گاز خۆم و موختاری گەرەک سەردانی پارێزگای هەولێرمان کردووە ، چونکە بەرێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێر بەڵێنی داوە پاسمان بۆ دابین بکا، ئەگەرچی پاسەکان شوفێریان نیە، بەڵام باوکی فێرخوازێک ئامادەیی خۆی دەبڕیوە کە شۆفیریمان بۆ بکات، ئەمەش لەبەر خاتری منداڵەکەی. هەروەها سەبارەت بە تەواوکردنی بینای فێرگەکە مامۆستا فەلاح حەسەن پێیوابوو کە دوای نیوەی ساڵ تەواو دەبێ!! مامۆستا فەلاح حەسەن گوتی: نزیکەی(50) منداڵ وازیان لە خوێندن هێنابوو ئەمساڵ وەم گرتونەتەوە، بەڵام ئەگەر کار وابڕوات لەوانەیە زۆرینەی فێرخوازەکان ئەمساڵ دەوامییان پێ نەکرێ، بۆیە هیواخوازم کە حکومەتی هەرێم ڕێگەچارەیەکی پێویست و خێرا هەڵبگرێتەوە، بۆ ئەوەی خوێندنی ئەمساڵیان لە کیس نەچی داواکارن کە کێشەی ئەو فێرخوازانە چارەسەر بکات.

**ئامادەکردنی/ ن. هەولێر**



# دوژمنی دوژمنم دۆستمە!! یان دەستی کەس پشتی کەس ناخورێنێ ؟!

ئەگەر کەسێکی بیانی بڵێ گەلی کورد دڵپاک و خۆشباوەڕە، بەوهۆیەشەوە لە داو دەکەوێ، فێڵی لێدەکرێ و پشتی لە زەوی دەدرێ، ئێمەی کوردستانی لەدڵی دەگرین و بە روویدا هەڵدەشاخێین، بەڵام وا لە واری کرداریدا ئەم گوتەیە بە ئاشکرا خۆی دەسەلمێنێ.

پەندێکی کوردی هەیە، دەڵێ: **دوژمنی دوژمنم دۆستمە**" ئێمەی کوردیش لەسەر ئەم پەندەدا زۆرمان کارکردووەو زۆریش پشتمان پێی بەستووە، کەچی بە دەگمەن لەگەڵ راستیە مێژوویەکاندا هاتۆتەوە. تەنانەت ئەگەر روانگەی کوردی بۆ شەڕی نێوان عەرەب و ئیسرائیل، شەڕی نێوان عێراق و ئێران بە نموونە وەربگرین، بۆمان دەردەکەوێ کە بە ئاشکرا ویستومانە پەندەکە سەرڕاست بکەیەنەوە.

زۆر جاران کە باسی سەربەخۆیی کوردستان دەکرێ، زۆرێک لە عەرەبەکان بە ئیسرائیلی دووەمی دەچوێنن و لە دژیدا رادەوەستن، چونکە عەرەبەکان پێیانوایە کە لە دەروونی زۆربەی کوردان دا لایەنگری و مەیلداری بەلای جوولەکەدا شکاوەتەوە، کورد وا تێگەیشتوون کە جوولەکە ستەمیان لێکراوەو عەرەبیش سەرسەختانە هەوڵی لەنێوبردنی داون و خاکی ئەوانی داگیر کردووە.

ئەگەر جار جارەش کوردی موسڵمان دژی ئەو بۆچوونە راوەستابێ، ئەوە لەلایەن هەندێک کوردەوە بە دواکەوتوو، نەزان، گەمژە، بێگانەپەرست پێوانەی بۆ کراوە، تەنانەت گرەو لەسەر پێوەندی نێوان ئیسرائیل و کوردیش کراوە، وا پێشاندراوە کە کورد نایەوێ ئەو پێوەندییە دروست ببێ، یان کورد لە داگیرکەران دەترسێ بۆیە خۆی لە ئیسرائیل نزیک ناکاتەوە. هەر لەم پێوەندەدا هەندێک سەرکردەی کورد بەوە تۆمەتبارکراون کە هەستی ئایینی رێگەی پێنەداون کە لە ئیسرائیل نزیک ببنەوە، دەنا ئیسرائیل لە رزگاری و سەربەخۆیی دا لایەنگری لە کوردان دەکات!! بەڵام لە خوێندنەوەی وانەکانی مێژوودا پێچەوانەکەی بەرچاو دەکەوێ، چونکە کورد لە خۆڕاوە لە ناخەوە داکۆکی لە جوولەکەکان و قەوارەی ئیسرائیل کردووە. بەڵگە مێژوویەکانیش گەواهی ئەو راستیە دەدەن و باس لە پێوەندی نێوان بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و قەوارەی ئیسرائیل کراوە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی لەدەست دانیە کە رۆژێک لە رۆژان دەوڵەتی ئیسرائیل یان بەرپرسێکی جوولەکە لەسەر کوردانی ستەملێکراو وەدەنگ هاتبێ، یان لە کۆڕوکۆبوونەوەیەکی نێودەوڵەتیدا کێشەی کوردی وروژاندبێ.

راستە کورد نەتەوەیەکی بێ پشت و پەنایەو دەوڵەتانی جیهان هاوسۆزی لەگەڵ دا نانوێنن و هەوڵی رزگارکردنی نادەن، بەڵام بۆ ئەم مەسەلەیە خۆمان لەو پەندە کوردیە دزیوەتەوە کە دەڵێ: " **دەستی کەس پشتی کەس ناخورێنێ**" لە کاتێکدا ئەم پەندە لە واری کرداریدا هەزاران جار سەر راست کراوەتەوەو بەردەوامیش نرخ و بەهای خۆی پاراستووەو بە زیندوویش ماوەتەوە.

لێرەدا دێمە سەر کرۆکی قسەکانم. زۆر جاران گوێم لێبووە کە دەگوترێ:" ئیسرائیل دۆستی کوردە، دەبێ کوردیش خۆی لێ نزیک بکاتەوە" تەنانەت ئەگەر کەسێک گوتبێتی کە ئیسرائیل وڵاتێکی بەرژەوەندخواز و داگیرکار و ملهوڕە، ئیدی مۆڕەی لێکراوەو بە بێ ئاگا لە دونیای سیاسەت پێوانەی بۆ کراوە، بەڵام ئەمڕۆژانە لە زاری **جابی لیفی** باڵیۆزی ئیسرائیل لە ئەنکارا ئەو مەسەلەیە یەکلا کرایەوە. جابی لیڤی راشکاوانەو بێشەرمانە پشتیوانی خۆی و قەوارەکەی بۆ دەوڵەتی تورکیا راگەیاند، دووپاتی کردەوە کە **تەلئەبیب** لێدانی پارتی کرێکارانی کوردستان و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن لە دەرەوەی تورکیا بە راست دادەنێ و پشتیوانی **لە ئەنکارا** دەکات. واتە ئیسرائیل راشکاوانە سەنگەری لە کورد گرتووەو هاوکاری لە تێکدانی ماڵی کوردان و داگیرکردنی خاکی کوردان دا دەکات.

ئێمە بە چاوی خۆمانەوە دەبینین کە سەربازانی ئیسرائیل خەڵکی سڤیلی لبنان بوردمان دەکەن، سەربەخۆخوازانی فەلەستین دەکوژن ، بەڵام لە راگەیاندنەکانی کوردستاندا ناڕاستەوخۆ پشتیوانی لە هێرشەکان کراوەو وا پێشان دراوە کە ئەوان مافی خۆیانە خەڵکی تیرۆریست بکوژن و راویان بنێن.

ئەمڕۆ ئیسرائیل کوردانی ئازادیخواز بە تیرۆریست دادەنێ، بەیەک چاو لە ئازادیخوازانی فەلەستین و ئازادیخوازانی ئیسرائیل دەڕوانێ، واتە لە روانگەی ئیسرائیلەوە کورد تیرۆریستە و نابێ ئازادی زەوتکراوی خۆی وەدەست بێنێتەوە!!

ئیدی بەسە با ئێمەی کورد دۆست و دوژمنی خۆمان بناسین، باوەڕ بەخۆمان بهێنین کە تەنیا بە یەکگرتوویی ریزەکانمان رزگارو سەربەخۆ دەبین. تەنیا بە چڕکردنەوەی هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ گەلانی رزگاریخواز وجیهانیانی ئازادیخوازدا بە رزگاری و سەربەخۆیی دەگەین.

**سەربەست کانەبی**

# هەر شەڕێک بۆ جوامێرێک

لەدوای راپەڕینی ئازاری ساڵی 1991 دەستی داگیرکەرانی بەعس لە کوردستان پچڕا، گۆڕەپانی کوردستان بوو بە شوێنی ململانێ و کێبرکێی نێوان حیزبە دەسەڵاتدارەکان، بەرژەوەوندی و کورسی پاوانخوازی دەستەڵات، ئامانجی ستراتیژی هەریەک لەلایەنە بەهێزەکان بوو، شەڕەپەڕۆو جنێو و راگەیاندن دەستی پێکرد، دەنگدانی ساڵی 1992/5/19ی بەدوا داهات، ئەنجامی دەنگدانەکە فیفتی بە فیفتی دانرا، هەریەک لە گومرگەکانی سەرسنورەکانی نێوان کوردستان و تورکیا، کوردستان و ئێران لەلایەن (پارتی و یەکێتی)یەوە دەستی بەسەر داگیرا، گەلی کورد کەوتە ناو رەوشێکی ئاڵۆزو خراپی ململانێ و برسیەتی و قات و قڕی، لە مانگی1994/5 زەنگی جەنگی شەڕی ناوخۆ لێی داو ئاگری شەڕ بلێسەی داو شەڕ گەرم بوو، شایەنی باسە لە ئەنجامەکانی شەڕی ناوەخۆدا کۆمەڵێک گروپ و تاقم دروست بوون، هەندێک لەو گروپانە مافی رەوای خۆیان بوو، لەزروفێکی بابەتی و هەل و مەرجی خۆیاندا دروست بوون، چونکە شەڕی نەکریسی ناوخۆیی مەجالی پیاوەتی بۆ هیچ کەس تێنەهێشتەوەو کوردستانی دابەش کرد، هەرکەسێک وڵاتپارێز باو نەبوبا بەتەرەفی شەڕ لە کوردستان جێگەی نەدەبۆوە، بەڵام ئەوەی جێگەی داخ بوو هەندێک لەو گروپ و تاقمانە تاکو شەڕی ناوخۆ گەرم نەبوو نەدەنگیان هەبوو نە رەنگ، تەنها لە ژێرەوە حزبی بەعس هانی دەدان بۆ گەرم کردنی ئاگری شەڕو لەجم و جۆڵدابوون، شایەنی باسە سیخوڕو پیاو خراپ و کۆنە بەعسەکەکان لەسێ - چوار لا هاریکاریان دەکراو رێزی تایبەتیان بۆ دادەنرا، یەکێتی و پارتی وەک دووتیپی یاری زان لە گۆڕەپانی کوردستان یاری کۆتاییان ئەنجام دەدا، گروپ و رێکخراوە سیخوڕەکانیش وەک دوو لایەنی پاڵنەر(مشجیع) یاریەکەیان گەرم دەکرد، رۆژانە ئەنجامی یاریەکەیان بۆ هەواڵگری بەعس و میتی تورک وئیتلاعاتی ئێران دەگواستەوە. ئەرکی ئەم گروپ وکەسایەتیانە بەرێوەبردنی پیلانی تێکدان بوو لە دژی کێشەی کورد. لیست وبەڵگەنامەکانی ئەم دوایەی کە دەستی بەسەر داگیرا لە هەواڵگری عێراقی شاهێدی ئەم راستیەن، شایەنی باسە خەڵکێکی زۆر لە ن\یوان کێبڕکێی ئەم یاریەدا شەهیدی داو زەرەر مەندبوو، سیخورو پاڵنەرو کۆنەبەعسی و موستەشارەکانیش بە خشیش و زەوی و سەیارەو پارەی زۆریان وەرگرت، هەندێکیان بوون بە کاربەدەست و سامانێکی چاک و سەرمایەکی زۆریان کۆکردەوە، زۆریان دەناسم لەو سیخورانە کورسیان لەپاڵ کورسی زۆر لەسەر کردەکان بۆ دادەنرێت و رێزیان لێدەگیرێت، گوێیان بۆ شل دەکرێت، بێگومان بەزمان لووسی و شارەزاییان لەبەشی موخابەراتی، سەرکردە کوردەکانیان دەست فەڵەت داوە، لە ژێر دروشم و هوتافی بریقەداری ئەو گروپ و رێکخراوانەی کە بۆ مەبەستی تایبەت پێکیان هێناوە، گەیشتونەتە ئاستێک دەولەتانی ئەقلیمش بناسن و ناوەناوە بەرسمی لە تورکیاو ئێران و سوریا بەنهێنی داوا دەکرێن و بەناوی نەخۆش بۆی دەردەچن، لەوێ لە ئێران و تورکیا و سوریا پیلان و سیناریۆی تێکدان لەسەر رەوشی کوردستان دادەمەزرێن، شایەنی باسە زۆربەی سەرکردەکانی ئێمە ئەو راستیە دەزانن، بەڵام بەرژەوەندیان لەسەر ئەو ئەساسە دامەزراوە، کەس بەکەس نیە بەرژەوەندی لەوەدایە بێ دەنگ بن. بەهەرحاڵ رێکەوتنی نێوان یەکێتی وپارتی ئەمجارەیان گوایە رێکەوتنێکی چارەنوس سازە، دەڵێن ئەمجارەیان چاوی پیاوی گەوج دەبەستن واز لە بەرژەوەندی حیزبایەتی دەهێنن!! لێرەدا پرسیارەک دێتە پێش: ئایا ئەمجارەیان ئەرکی یسخوڕەکان چی دەبێ؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە باشتروایە بڵێین سیخوڕەکان لەلایەک نەفەسیان تەنگ بۆتەوەو بزە لە سەر لێویان نەمایە، لەلایەکی دی لەمێژە پێشبینی ئەو ئەگەرەیان کردووە، واخەریکن بیر لە پڕۆژەیەکی دیکە دەکەنەوە، ئەمجارەیان لەسەر حیسابی پەکەکەو پەژاک و هێزەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان پەیوەندیەکانیان لەگهڵ داگیرکەران توندو تۆڵ تر دەکەن، بەردەوام زانیاری کۆدەکەنەوە بە دەزگە سیخوڕیەکانیان دەدەن، سیخوڕەکان لەگەڵ ئەو دیماگۆجیەتە لێراهاتوون، تاکو ئەمڕۆ ژیانیان و کارو چالاکیەکانیان، لەسەرحیسابی پارتی ویەکێتی بوو، ئەمجارەیان لەسەر حیسابی دیتران دەبێ، چونکە لەمێژینەشدا گوتراوە: هەر شەڕێک بۆ جوامێرێک!

**قەهار گەزنەیی**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com